# دادگای تایبەتی ئێراق و دادوەرێکی کورد

**شاخەوان شۆڕش**

ڕۆژی 19ی ئۆکتۆبەری 2005 سەدامی دیکتاتۆر و هەندێ لە تاوانکارانی دیکە لە هۆڵی دادگای تایبەتی ئێراق دەرکەوتن, ئەوەی سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشا, ئەو کۆبوونەوەیە سەرەتاییەی دادگاکە لەلایەن کوردێک بە ناوی (ڕزگار محەمەد ئەمین) بەڕێوەچوو. چونکە کورد نەتەوەیەکی چەوساوەی ناو ئێراق بووە و ئێستا کەسێکی ئەوان هاتووە دیکتاتۆر دادگایی دەکات
, ئاماژە بە جۆرە گۆڕانێک دەکات کە بۆ هەندێک بەڵگەی بەرەو باشتر بوونە, بۆ هەندێک بەڵگەی تێکدانە و بۆ هەندێکیش گۆڕانێکی ئەوتۆ نییە, بەو واتایە ئەوە گۆڕانێکی تەنها زیاتر ڕواڵەتیە و خۆی لە کێشە بنچینەییەکان نادات.
دەکرێ لایەنی نەگەتیڤ و پۆزەتیڤی دادگاکە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بانگاشەیان بۆ بکرێت. دیارە ئاسان نییە هەروا بێ یەکودوو مۆری گەشبینی, بێلایەنی و سەرکەوتن لەو دادگایە بدرێت (وەکو زۆر کەس کردیان), بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کەسێکی کورد سەرپەرشتی دانیشتنی یەکەمی دادگاکەی کردووە یان سەدام بەزیندانی و لە دادگا بە خەڵک پیشان دراوە, یان لەبەرئەوەی دادوەر و دادگاکە ڕوخساری دادوەر و دادگای گونجاویان پێوە دیاربووە. کوردبوونی دادوەر یا ڕوخساری دادوەر و دادگا خۆی لەخۆیدا گەرەنتی سەرکەوتن ناکات و ئەو دادگایە زۆر لەوە ئاڵۆزتر و پڕکێشەترە لەوەی هەروا سانا بەسەریدا ڕەتبین.
ئەو دادگایە یەکەم دانیشتنی خۆی کردووە (هەر لەو دانیشتنەشدا بڕیاری دواخستنی درا) و هێشتا بەدەیان و سەدان کۆبوونەوە و دانیشتنی دیکەی سەبارەت بەو تاوانە و تاونی دیکە لە پێشە, ئەوەش کۆمەڵێ ڕەخنەو پرسیار و کێشەی بێگومان لەگەڵدایە, بۆیە باشترە هەروا بێ یەکودوو مۆری سەرکەوتن و بێلایەنی لە کارێک نەدرێت کە دەکرێ کۆمەڵێک ڕەخنەی لێبگیرێت و هێشتا کەس نازانێ چۆن لەمەودوا بەڕێوە دەچێت. بەهەمان شێوە لێکدانەوەی سۆزدارانە سەبارەت بە لایەنی ڕواڵەتی دادگاکە دەرئەنجامی زیاتر لایەنگیرانە و سۆزدارانە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.
لێرەدا واز لەو ڕەخنە زۆرانەی سەبارەت بە دادگاکە کە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەن دەهێنم و تەنها سەرنج دەدەمە هەندێ تێبینی سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە سەرەتاییە و دادوەرە کوردەکە, واتە ئەگەر دادوەرەکە کورد بوو واتای چییە؟ چی لە کێشەکە یا کێشەی کورد دەگۆڕێت؟

پێشەکی باشە ئاماژە بە هەندێ تێبینی سەرەتایی کە سەریان هەڵدا بکەین, ئەوانیش:
یەکەم: بەگوێرەی هەواڵەکان دەبوایە پێنج دادوەر ئامادەبن, بەڵام تەنها یەک دادوەر ئامادە بوو. هۆی ئامادەنەبوونی یا دیارنەبوونی دادوەرەکانی دیکە بۆ؟ ئایا بۆ بڕیاردرا ئەو دادوەرە کوردە بەتەنیا سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە بکات, ئایا بیر لە کوردبوونی ئەو دادوەرە کراوەتەوە؟ ئایا ئەوە بڕیارێکی پلانبۆکراو بووە؟ ئایا ئەوە بڕیارێکی کتوپڕ و ناکایی بووە؟ ئایا ئەو دادوەرە کوردە هەر تەنها بۆ ئەو تاوانەی دوجەیل داندراوە؟ ئەو پێنج دادوەرە بڕیارەکانی دادگا چۆن وەردەگرن؟ تاوانەکانی دیکە کێ سەرپەرشتیان دەکات؟ ئەو پرسیارانە و پرسیاری دیکەش هەن و دەکرێ گەلێ وەڵامی جیاواز بۆ ئەو پرسیارانەش هەبن.

دووەم: بەپێی هەواڵ و پروپاگەندەکانی پێش کۆبوونەوەکە, دەبوایە ڕووداوی ناو دادگاکە ڕاستەوخۆ و بەزیندوویی بۆ خەڵک پەخش بکرێت. وەکو بینیمان, پەخشەکە ڕاستەوخۆ نەبوو و دوای 30 خولەک (بەپێی CNN) ئەوجا بڵاوکرایەوە, بەمجۆرە پەخشەکە ڕاستەوخۆ و زیندوو نەبوو. وادیارە ئەو دواخستنەش بۆ ڕێکخستن و قوتکردنی فیلمەکە بووە, بەو واتایە ئەوە بڵاوکرایەوە کە ویسترا بڵاوبکرێتەوە.

سێیەم: کاری تەکنیکی لاواز بوو و دەنگەکە بە خراپی دەبیسترا. ئەگەر بێتوو سەیری فیلمەکانی دادگایەکی وەکو ئەوەی بۆ تاوانکارانی یوگوسلاڤیا دانراوە بکەین و لەگەڵ ئەوەی ئێراق لە ڕووی کاری تەکنیکیەوە بەراوردی بکەین, ئەوا ئەوەی ئێراق کۆلەواریەکی زۆری پێوەدیار بوو و ئاستی کاری تەکنیکیەکەی نزم بوو. ئایا ئەوە لەبەرچی وابوو, دیسان دەکرێ کۆمەڵێ وەڵام هەبن.

چوارەم: ڕێگا بە ڕاگەیاندنی کوردی نەدراوە بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن. گوایە ئەوان پێشتر کارتی بەشداریان نەکردووە[1]. ڕاگەیاندنی کوردی نەیتوانی ڕاستەخۆ کۆبوونەوەکە بۆ خەڵکی کوردستان پەخش بکات. دیارە خەڵکی کوردستان بەوە پەکیان نەکەوت و ئەوان لە کەناڵە عارەبیەکان دەیانتوانی ڕووداوەکانی ناو دادگاکە ببینن. هەروەها کەناڵە کوردیەکانیش لە کەناڵی عارەبیەوە دواتر پەخشەکەیان گواستەوە. بەڵام دادگاییکردنی تاوانبارێک کە بۆ خەڵکی کوردستان زۆر گرنگە و ڕێگاش بە ڕۆژنامەنوسانی کورد نادرێت بەشداربن, بێگومان کۆمەڵێ پرسیار دروست دەکات. ئەگەر ئەو بیانوەی کەنترۆڵکارەکان ڕاست بووبێت, ئەوە لەلایەک بەگرنگ نەزانینی جودایی خەڵکی کوردستان دەخاتەڕوو, لەلایەکی دیکە نائامادەیی و بێئاگایی دەسەڵاتدارانی کورد و ڕاگەیاندنەکانیان دەخاتەڕوو.

پێنجەم: تاوانی دوجەیل وەکو یەکەم تاوانکاری خرایە بەردەم. تاوانکاری دوجەیل یەکێکە لە تاوانکاریەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەدام. ئەو تاوانکاریە کە تەنها دڵۆپێکی ناو دەریایەکە وەکو هەر تاوانکاریەکی دیکە مافی خۆیەتی گرنگی پێبدرێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی بە قەوارە زۆر بچوکترە لە تاوانکاریەکانی دیکە, هەروەها پەیوەندی بە گروپێکی ئێتنی دیاریکراوەوە هەیە, گەلێ پرسیاری جۆراوجۆری هێنایە ئارا. دەکرێ هۆکەی ئەوەبووبێت, ئەو کەیسە لە ڕووی یاساییەوە تەواو ئامادەبووە بۆیە پێشخراوە. بەڵام دەشکرێ بڕیارێکی پۆلیتیکی لەپشتەوە بووبێت یا لەبەر هۆی دیکە بووبێت. گومان لەوەدا نییە بەهۆی ئەوەی نەتەوە و گروپی ئێتنی جیاواز لە ئێراقدا هەن و ئەوانەی بەشێوەیەک تووشی چەوساندنەوە و لەناوبردن هاتوون, هەریەکەیان پرسیاری لێپێچینەوە لە تاوانکاریەکانی خۆی دەکات. بەڵام وەکو دەسەڵاتداران بانگاشەی بۆ دەکەن, لە ئێراقێکدا کە ئەوان هەموو وەکویەک ئێراقین و لە مافدا یەکسانن, کەواتە پرسیارکردن لەو دیاردەیە دەکرێ بەناگونجاو دابندرێت.

دیارە ئەمەریکا و دەسەڵاتدارانی کورد و عارەبە دەسەڵاتدارەکان هەموویان بانگاشەی ئەوەدەکەن و دەڵێن, دەیانەوێ ئێراقێک دروست بکەن کەوا جێگای هەمووانی تێدا ببێتەوە, هەموو مافی یەکسانیان بەرامبەر بە یاسا و دادگا وەکویەک هەبێت, هەموو لەماف و ئەرکدا یەکسان بن, هەموو لە ئازادیدا یەکسان بن, هەموو بەیەک چاو سەیر بکرێن هتد. سەیردەکەین دادگاکە و شێوەی پیشاندانی دانیشتنی یەکەم و سەرپەرشتیکردنی دادگاکە لەلایەن ئێراقیەکی کوردەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەیەوێت ئەو وێنەیە بکێشێت. بەوشێوەیە ئەو کوردانەی کە وەکو ئێراقی سەیری خۆیان دەکەن و دەیانەوێ یەکسانی خۆیان لەگەڵ عارەبان بە بەڵگە بە خەڵک پیشان بدەن, ئەوە دەرکەوتنی ئەو دادوەرە کوردە لەو بارەیەوە لە ڕوانگەی یەکەم دانیشتنەوە تاڕادەیەک یارمەتیدەریانە.

دادوەرە کوردەکە وەکو ئێراقیەک لە ڕوانگەی ڕەوتی "ئێراقی ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان" بە زمانی عارەبی دەدوێ, بەیاسای ئێراقی دادوەرە و بە پێی یاسای ئێراقی سەیری کەیسەکە دەکات. تاوانباران خۆیان ئێراقین و تاوانیان بەرامبەر بە ئێراقیەکان کردووە, دادوەریش ئێراقیە و لە دادگایەکی ناسیونالی ئێراقیدا دادگاکە بەڕێوەدەبات. ئەو وێنەیە تەواو لەگەڵ خەونی یەکگرتووهێشتنەوەی ئێراق "کە ئێستا بە شێوەیەکی دیکە هەولی بۆ دەدرێت" گونجاوە. ئەو وێنەیە هەولێکە بۆ ڕەواکردنی یەکگرتومانەوەی ئێراق و دەیەوێ هێما بۆ ئەگەری سەرکەوتنی ئەو هەولە بکات. هەر لەو ڕوانگەیەوە کێشەی کورد وەکو کێشەی نەتەوەیەکی جودا و دەرەوەی ستاتی ئێراق شوێنی نییە و ناگونجاو

کراوە. بەمشێوەیە کێشەی کورد وەکو کێشەکانی تر ئێراقییە و لە ناو ئێراقدا, ئێراقیەکان خۆیان چارەسەری دەکەن. ئەو دادگایە (بە دادوەرە ئێراقیەکانەوە) لەلایەن خۆیەوە هەوڵی ڕەواکردنی ئەوە دەدات.
بەم پێیە بۆ تاوانی هەڵەبجە یا ئەوانەی دیکە کە دژ بە ئێراقییە کوردەکان کراون, دەکرێ دادوەرێکی عارەب بێت و سەرپەرشتی دانیشتنەکان بکات, لەو بارەدا گونجاونییە ئێراقیە کوردەکان گلەییان هەبێت.
ئێراقیەکان زۆربەیان داوای کوشتنی سەدام دەکەن, زۆر واپێدەچێ ئەو دادگایە ئەو ئاواتەی ئەوان بەدی دەهێنێت. یەک دەریا بەڵگە دژی سەدام و تاوانکارانی دیکە هەن, بۆیە بەئەگەری زۆر ئەوان دەربازبوونیان نییە. جێگای بیرهێنانەوەیە سەدام بۆ ئەمەریکا, ڕۆژئاوا, ڕوسیا, داگیرکەرانی کوردستان, وڵاتە عارەبیەکان و دەسەڵاتدارانی عارەب و کورد بەڵایەکی گەورەیە, چونکە ئەو زۆر نهێنی ڕۆژانی دۆستایەتی و دێرینی لایە, هەرچەندی سەدام زووتر لەناوببردرێت, ئەوەندە زووتر نهێنیەکان لە گۆڕ دەندرێن. بەپێی زۆر لە چاودێران ئەو دادگایە بەجۆرێک دامەزراوە و بەڕێوەدەچێت, کە بە هیچ شێوەیەک نابێ ڕۆژئاوا یا وڵاتانی دیکە و هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا ڕاکێشێتە ناو دادگاکە. مەبەستی ئەو دادگایە ئەوە نییە ڕاستیەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکات, بەڵکو مەبەست سزادانی تاوانبارەکانە لەسەر هەندێ یا گەلێ لەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە خەڵکی ئێراق کردوویانە. ئەوان لێرەدا بە بەردێک دوو کێشکە دەکوژن, لەلایەک داواکاری خەڵکە قوربانیەکە بەجێدەهێنن, لەلایەک کەسێک لەناو دەبەن کە مانی بۆ ئەوان بە زۆر شێوە زیانە.

ئەگەر دادوەری یەکەم دانیشتن کورد بوو, وەکو بینیمان کاکی دادوەر بەزمانی عارەبی دوا و وەکو ئێراقیەک سەرپەرشتی دادگاکەی کرد. ناشزانرێ بۆ ئەو دانراوە, یا لە داهاتووشدا هەروا دەبێت یا نا. ئایا بۆ تاوان و کەیسەکانی دیکەش هەر ئەو کوردە دادەنرێت, یا دادوەری دیکە دێن؟ ئەوانە و پرسیاری دیکە بێ وەڵامن.
دیارە ئەوانەی بانگاشەی ئێراقی ئازادی و یەکسانی دەکەن, پێیانوابوو دادگاکە ڕەوا و بێلایەنە. هەر بەم پێیە گرنگ نییە عارەب, کورد, ئاشوری یا تورکمان دادوەرن, بەمجۆرە کوردبوون یا نەبوون هێندە گرنگ نییە.
بانگاشەی ئێراقی ئازادی و یەکسانی دەکرێت, کەچی ئێراق کە بە بڕوای زۆر لە ڕەخنگران بوونی وەکو ستات نەماوە[2], نوقمی ناو ئاژاوە و کاری تیرۆریستی بووە. ئەو ئێراقی هیواو ئاشتیە لەلایەن زۆرینەی عارەبی سوننە ڕەتدەکرێتەوە, لە لایەن شیعەوە هەوڵی ئیسلامیزەکردنی بۆ دەدرێت, کوردستانیەکان بە وڵاتی خۆیانی نازانن و خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینن. هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان کە ڕاگری ئەو ئێراقە لەرزۆکەن, زۆرینەی ئێراقیەکان ئارەزووی بوونیان ناکەن, دژیانن و پشتگیری دەرکردنیان دەکەن[3].

بەڵام ئایا کێشەی کورد کێشەی خەڵکێکی ئێراقی بوو تالە چوارچێوەی ئێراقدا بهێڵدرێتەوە و دادگایەکی ئێراقی و عارەبی بۆ ساز بکرێت؟
ئەگەر ئا, کەواتە گونجاوە ئێراقەکان بە دادگایەکی ئێراقی کە ڕێز لە سەروەری ناسیونالیستانەیان دەگرێت دڵخۆشبن. کەواتە کۆڵن پاول و تۆنی بلایەر ڕاستیان دەکرد کە دەیانگوت, *"سەدام بە کیمیا خەڵکی خۆی کوشتووە"* .
ئەگەر نا, کەواتە ئەو دادگایە مافی کوردستانی بوونی لە ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانیەکان و فەیلیەکان سەندۆتەوە و کردوونی بە کێشەیەکی ناوخۆیی ئێراقی, ئەوەش بە یارمەتی دەسەڵاتدارانی کورد و کاکی دادوەری کورد. ئەوەش نکۆڵیکردنی جودایی کێشەی کوردە وەکو کێشەی نەتەوەیەکی جودای بە زۆر لکێندراو بە ئێراقی عارەبی. لە ڕوانگەیەکی کوردستانیانەوە نەدەبوایە هەرگیز ئەو داگایە ئێراقی بێت و دادوەری عارەب و ئێراقیشی بۆ دابندرێت. ئەو دادگایە دەبوایە بێلایەن و نێونەتەوەیی بێت و دادگاییی کەسانێکی تاوانباری سەربە نەتەوەی چەوسێنەری عارەب بکات و داواکاری قوربانیەکانی خەڵکی چەوساوەی کوردستان (وەکو نەتەوەیەکی جودا لە عارەب) دەست پاکانە بەجێ بهێنێت.

**23.10.2005**

---

[1] PUKmedia , 2005.10.19,  یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنی سەدام حسێن ڕێگا بە ڕۆژنامەنوسە کوردەکان نەدرا ئامادەی ئەو دانیشتنە ببن.

[2] Galbraith Explains Choices in Iraq, By RANDY HOLHUT, KurdistanObserver, 21.10.2005

[3] بەپێی سەندەی تەلەگراف,  لە ڕاپرسیەکدا کە لە مانگی ئۆگۆست وەزارەتی بەرگری بریتانی کردوویەتی ئەو ئەنجامە کەوتوەتە دەست.
سەرچاوە metroXpress, 24/10/2005